# یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی وێژەی کوردی

## سەبارەت بەم کۆڕە

وێژەی کوردی هەوراز و نشێوی زۆری تێپەڕاندوە. ئەگەر سەرەتای دەست پێکردنی وێژەی کوردی پاش ئیسلام، لە زاراوەی گۆرانی و بە دەستی کوردە یارسانەکانەوە دانێین، ئەتوانین سەدەی سێهەمی کۆچی، وەک خاڵی دەسپێک بۆ وێژەی کوردی دەست نیشان بکەین کە شاعیرەکان بەو زاراوەیە هۆنراوەیان هۆنییەوە. بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، زاراوەگەلی دیکەی کوردی، ناو بە ناو وەک زاراوەی پێوەر و جێکەوتووی لێهات کە ئەتوانین ئاماژە بە زاراوەگەلی هەورامی، کرمانجی باشوور و باکوور بکەین.

وێژەی کوردی لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆیدا، لە ژێر کارتێکەری ڕەوتانەگەلی فکری و ئایینی سەردەم و هەروەها وێژەی گەلانی دراوسێیشیدا بووە کە هەر کام لەمانە ڕچەیەکی تازەتری بۆی شکاندووە و ڕێگەیەکی تری وەبەر ناوە.

تێکڕای ئەم هۆکارانە و زۆری تریش، بوونە هۆی ئەوە کە ڕەوتی مێژووی وێژەی کوردی هەر لە سەرەتاوە تا بە ئەمڕۆ بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە بەو هیوایە کە ئەم کۆڕە سەرەتایەک بێت بۆ کۆڕگەلی دواتر و بتوانێ وێژەی کوردی لە ڕۆچنەگەلی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێنێ.

## ئامانجەکانی کۆڕەکە

- ناسینی سووچەکانی وێژەی کوردی
- ناسینی هۆکارە کاریگەرەکان لە سەر شێوازگەل و چەشنە ئەدەبییەکان
- توێژینەوە لەسەر خولەکانی مێژووی وێژەی کوردی
- توێژینەوە لەسەر میزانی کارتێکەری دوولایەنی وێژە و چاندی کوردی لەگەڵ گەلانی دراوسێ

## تەوەرەکانی کۆڕەکە

- فۆلکلۆر
- چەشنە ئەدەبییەکان لە وێژەی کوردیدا
- ڕەوتی گۆڕانکاری دیرۆکی وێژەی کوردی
- شێوازە باوەکانی وێژەی کوردی
- جێگەی زاراوە کوردییەکان لە وێژەی نووسراوەدا
- هەڵسوکەوتی وێژەی کوردی لەگەڵ وێژەی گەلانی تر
- پێوەندی نێوان وێژەی کوردی و دەربارەکانی کوردستان
- عەرووز و کێشی شێعری لە شێعرە کوردییەکاندا
- کاردای فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی وێژەی کوردی
- ڕەخنە لەسەر سەرچاوەکانی مێژووی وێژە
- وێژەی مناڵان
- وێژەی کوردی و زمانی پێوەر
- نەریتە ئەدەبییەکان لە وێژەی کوردیدا
- دەسنووس ناسی و دەسنووسەکانی کوردی
- کارلێگری وێژەی کوردی لە ڕەوتگەلی فکری و باوەڕی جیهانی ئیسلامدا (عیرفان، کەلام، فیقهـ، فەلسەفە و...)

## شێوەنامەی نووسینی وتارەکان

لە هەموو وتارەکاندا ئەبێ بنەماکانی وتارنووسی (کورتەی وتار، دەستەوشەی سەرەکی، دەسپێک، بابەت و دەسکەوت) بە پێی تەواوی ستانداردگەلی وتارنووسی زانستی لەبەر چاو بگیردرێ. پێویستە کە ناونیشانی خاوەن (خاوەنگەل)ی وتارەکە لە لاپەڕەیەکی جیاوازدا (بریتی لە ناوی نووسەر یا نووسەران، پیشە و پلەی زانستی، بەرهەمی چاپکراو، ئیمەیل و ناونیشان) بنووسرێ تا لە کاتی داوەریدا لە دەقی وتارەکە جوێ بکرێتەوە.

قۆناغەکانی داوەری:

وتارە ناردراوەکان بۆ دەبیرخانەی کۆڕەکە، بە پێی تەوەرەکان، پێشکەشی داوەرانی هەر تەوەرەیەک دەکرێ. وەرگرتنی کۆتایی کورتە یا دەقی هەر وتارێک بەسراوەی ڕای لیژنەی داوەران ئەبێت. دیارە کە لە داوەری وتارەکاندا، ناو و نیشانی نووسەر (نووسەران) لە هەر وتارێک جوێ دەکرێتەوە تا بە بێ هەر پێشداوەرییەک وتارەکان هەڵسەنگێندرێت.

رۆژژمێری کۆڕەکە

- ڕاگەهێنی بانگهێشت: ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ (١۵ی ڕەزبەری ١٣٨٨)
- دوایین مۆڵەتی ناردنی کورتەی وتارەکان: ٢٠ی دیسامبری ٢٠٠٩ (٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٨)
- دوایین مۆڵەتی ناردنی دەقی وتارەکان: ٢٠ی مارچی ٢٠١٠ (٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٨)
- کات و شوێنی بەڕێوەچوونی کۆڕەکە: ۵ و ۶ی مەی ٢٠١٠ (١۵ و ١۶ی گوڵانی ١٣٨٩) زانکۆی ویژە و زانستە مرۆییەکانی زانستگای کوردستان- سنە

بەڕێوەبەر:تۆژینگەی زمان و وێژەی کوردی سەر بە زانستگای کوردستان

زمانی کۆڕەکە: کوردی و فارسی

ماڵپەڕی کۆڕەکە: **www.uok.ac.ir/kurdlit** و **www.kurdlit.ir**

چاپی وتارەکان

کورتەی ئەو وتارانەی کە وەرگیراون، لە سەر ماڵپەڕی زانستگای کوردستان دائەنرێ. هەمووی دەقی وتارەکانیش لە کتێبی «کۆمەڵە وتارەکانی کۆڕەکە» چاپ دەکرێت.

لیژنەی زانستی (بە پێی ئەلف و بێتکە)

- جەماڵ ئەحمەدی مامۆستای زانستگای ئازادی سنە
- سالح ئەدیبی مامۆستای زانستگای کوردستان
- موحەممەد ئێرانی  مامۆستای زانستگای کوردستان
- عەدنان بەرزنجی تۆژەری وێژەی کوردی
- سەید ئەحمەد پارسا مامۆستای زانستگای کوردستان
- موحسن پیشوایی مامۆستای زانستگای کوردستان
- جەمیل جەعفەری مامۆستای زانستگای کوردستان
- مەنسوور ڕەحمانی تۆژەری زمانی کوردی
- عەبدوڵڵا ڕەسوڵنەژاد مامۆستای زانستگای کوردستان
- هادی ڕیزوان مامۆستای زانستگای کوردستان
- بەختیار سەججادی مامۆستای زانستگای کوردستان
- حەسەن سەرباز مامۆستای زانستگای کوردستان
- ئەسعەد شێخئەحمەدی مامۆستای زانستگای کوردستان
- موحەممەدخالد غەففاری مامۆستای زانستگای ئازادی سنە
- ڕەحیم لوقمانی تۆژەری وێژەی کوردی
- ماجد مەردۆخ ڕووحانی تۆژەری زمان و وێژەی کوردی
- نەوید نەقشبەندی مامۆستای زانستگای کوردستان
- هادی یوسفی مامۆستای زانستگای پەیامی نووری کوردستان

نووسیاری زانستی کۆڕەکە

- نەجمەدین جەباری  مامۆستای زانستگای کوردستان

نووسیاری بەڕێوەبەری کۆڕەکە

- عەبدوڵڵا ڕەسوڵنەژاد  مامۆستای زانستگای کوردستان

بە هاوکاری:

- زانستگای پەیامی نووری پارێزگای کوردستان
- دایرەی گشتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی کوردستان
- شارەداری سنە

---

نیشانی: سنە، زانستگای کوردستان، تۆژینگەی زمان و وێژەی کوردی
سندووقی پۆستی ۴۱۶؛ کۆدی پۆستی ۱۵۱۷۵-۶۶۱۷۷
فەکس: ۶۶۲۴۰۰۷ ۸۷۱ (۹۸)+    ئیمەیل: KurdLit@uok.ac.ir